# ئاماری قۆناخی یەکەمی خولی نایابی کوردستان بۆ تۆپی پێی

**قۆناخی یەکەمی خولی نایابی کوردستان تەواو بوو و ڕۆژانی پێنجشەممە و هەینی یارییەکانی قۆناخی دووەم دەست پێ دەکات.**

**یانەی سیروانی نوێ بووە پاڵەوانی ئەم قۆناخە، میلاد نەجمی پیشەگەری ئێرانی یانەی سیروانی نوێ بووە گۆڵکاری قۆناخی یەکەم بە ٧ گۆڵ.**

**لەم ڕاپۆرتەدا وردترین ئامار و زانیارییەکانی قۆناخی یەکەمی خولی نایابی کوردستان باس دەکەین.**

**ئا: ڕێبین ڕەمزی**

**● سیروانی نوێ پاڵەوانی قۆناخی یەکەمە**

لە یارییەکانی هەفتەی کۆتایی قۆناخی یەکەمی خولەکە یانەی برایەتی میوانداری پێشمەرگەی هەولێری کرد و هەردوولا بەبێ گۆڵ یەکسان بوون، بەم ئەنجامە پێشمەرگەی هەولێر نەیتوانی سوود لە یاری نەکردنی سیروانی نوێ ببینێت و پێشەنگی یانەکان وەربگرێت و بە ١٩ خاڵ لە پلەی سێیەم دێت و بەفەرمی سیروانی نوێ بەکۆکردنەوەی (٢٠) خاڵ بووە پاڵەوانی قۆناخی یەکەمی خولەکە.

**● ڕیزبەندی گۆڵکارانی خولەکە بەم شێوەیە**

دوای تێپەڕبوونی ١٣هەفتە لە یارییەکانی خولەکە ڕیزبەندی گۆڵکاران بەمشێوەیە:

١- یاریزانی پیشەگەری ئێرانی یانەی سیروانی نوێ میلاد عەبدولوەهاب نەجمی ٧ گۆڵی تۆمارکردووە.

٢- هەردوو یاریزان هۆگر حوسێن لە یانەی هەولێر و دیار عەلی (حەمکە) لە یانەی نەورۆز ٦ گۆڵیان تۆمارکردووە.

٣- هەردوو لە یاریزانان چیا نازی لە یانەی دهۆک و حوسێن ئیبراهیم لە یانەی هەندرین ٤ گۆڵیان تۆمارکردووە.

٤- هەریەکە لە یاریزانان هۆشەنگ سەعدی لە یانەی سۆران و هێمن ڕزگار لە یانەی دەربەندیخان و بەهادین بەکر لە یانەی سیروانی نوێ و فەرهەنگ وریا لە یانەی پێشمەرگەی هەولێر و عەلی عەدنان لە یانەی زێرەڤانی ٣ گۆڵیان تۆمارکردووە.

**● ئاماری گشتی**

ئەم وەرزە لە دوازدە هەفتە ٧٨ یاری ئەنجامدراون، ١٤٩گۆڵ تۆمارکراوە، ڕێژەی گۆڵ بۆ هەر یارییەک ١/٩ گۆڵە، لە ١٣ هەفتەی ڕابردوودا ٢٨ لێدانی سزا بۆ یانەکان هەژمار کراون، بەمشێوەیە:

- هەفتەی یەکەم سێ لێدانی سزا.
- هەفتەی دووەم هیچ لێدانی سزا هەژمار نەکرا.
- هەفتەی سێیەم دوو لێدانی سزا
- هەفتەی چوارەم سێ لێدانی
- هەفتەی پێنجەم یەک لێدانی سزا
- هەفتەی شەشەم سێ لێدانی سزا
- هەفتەی حەفتەم سێ لێدانی سزا
- هەفتەی هەشتەم چوار لێدانی سزا
- هەفتەی نۆیەم یەک لێدانی سزا





- هەفتەی دەیەم دوو لێدانی سزا
- هەفتەی یازدە یەک لێدانی سزا
- هەفتەی دوازدە دوو لێدانی سزا
- هەفتەی سیازدە دوو لێدانی سزا.

**● کارتی زەرد و سۆر**

دوای تەواو بوونی یارییەکانی قۆناخی یەکەم، ڕێژەیەکی زۆر کارتی زەرد و سوور بەڕووی یاریزاناندا بەرزکراوەتەوە، لەم ژمارەیەیشدا (٣٦٠) کارتیان زەرد بوون، لەگەڵ (١٦) کارتی سوور.

یانەی دهۆک خاوێنترین یانەیە لەم قۆناخە، کە یاریزانەکانیان تەنیا (٢٤) کارتی زەرد و هیچ کارتێکی سۆریان وەرنەگرتووە.

یانەی نەورۆز توندوتیژترین یانەی قۆناخی یەکەم بووە، کە (٣٩) کارتی زەرد و (٣) کارتی سۆرە.

**هەشت ڕاهێنەر بوونە قوربانی ئەم قۆناخە**

دوای تەواوبوونی قۆناخی یەکەم تا ئێستا (٨) ڕاهێنەر لە یانەکان بە هۆکاری ئەنجامی خراپ و هۆکاری جیاوازتر لە ئەرکەکانیان نەماون، شێروانە لەم وەرزە سێ جارڕاهێنەرەکەی گۆڕیوە، نەورۆزیش دوای دەستلەکارکێشانەوەی پرسیار عەبدولڕەزاق بریاری دا پشت بە ڕاهێنەری سوری یونس سلێمان ببەستێت و یانەی پێشمەرگەی سلێمانی دوای دورخستنەوەی یاسین مەناف، وەلی کەریمی لە شوێنەکەی دانا، برایەتیش دوای دەستلەکارکێشانەوەی فاتیح حەمەخان بەهۆی خراپی باری تەندرووستی مەحمود مەجید-ی لە شوێنی دانا.

**● بەهێزترین و لاوازترین**

-یانەی نەورۆز بەتۆمارکردنی (١٦) گۆڵ خاوەن بەهێزترین هێڵی هێرشبەرە لە دوای ئەویش یانەکانی هەولێر و سیروانی نوێ دێت بەتۆمارکردنی (١٥) گۆڵ.

- یانەی پێشمەرگەی سلێمانی خاوەنی لاوازترین هێڵی هێرشبەرە. کە تەنیا (٦) گۆڵیان



تۆمارکردووە لە دوای یەویش یانەکانی برایەتی و زاخۆ دێن، کە (٨) گۆڵیان تۆمارکردووە.

- هەر سێ یانەی برایەتی و زاخۆ و سۆران خاوەن بەهێزترین هێڵی بەرگرین، کە تەنیا (٨) گۆڵیان لێکراوە لە دوای ئەوانیش یانەی زێرەڤانی دێت، کە تەنیا (٩) گۆڵی لێکراوە.

-هەردوو یانەی هەولێر و پێشمەرگەی سلێمانی خاوەنی لاوازترین هێڵی بەرگرین، کە (١٦) گۆڵیان لێتۆمارکراوە لە دوای ئەوانیش یانەی شێروانە دێت، کە (١٥) گۆڵی لێتۆمارکراوە.

**● ریزبەندی یانەکان دوای تەواو بوونی یارییەکانی قۆناخی یەکەم**

١. یانەی سیروانی نوێ ٢٠ خاڵ
٢-یانەی نەورۆز ١٩ خاڵ
٣- یانەی پێشمەرگەی هەولێر ١٩ خاڵ
٤- یانەی زێرەڤانی ١٧ خاڵ
٥- یانەی هەولێر ١٧ خاڵ
٦- یانەی سۆران ١٦ خاڵ
٧- یانەی دهۆک ١٦ خاڵ
٨- یانەی برایەتی ١٦ خاڵ
٩- یانەی هەندرێن ١٥ خاڵ
١٠- یانەی زاخۆ ١٥ خاڵ
١١- یانەی دەربەندیخان ١٤ خاڵ
١٢- یانەی شێروانە ٩ خاڵ
١٣- یانەی پێشمەرگەی سلێمانی ٧ خاڵ

**● خشتەی یارییەکانی هەفتەی یەکەمی قۆناخی دووەم**

شێروانە - پێشمەرگەی هەولێر- یاریگەی شێروانە
برایەتی - هەندرێن - یاریگەی برایەتی
دهۆک - دەربەندیخان - یاریگەی دهۆک
زێرەڤانی - سیروانی نوێ - یاریگەی زێرەڤانی
نەورۆز - سۆران - یاریگەی نەورۆز
پێشمەرگەی سلێمانی- هەولێر - یاریگەی پێشمەرگەی سلێمانی
یانەی زاخۆ چاوەڕوانە.